
باس



**هاشم سەڕاج**

# هایکۆ
# تریفەی مانگ لەسەر دارکاژ

«هایکۆ» کتێبێکی قەشەنگە و کۆمەڵێک کورتە شیعری هایکۆی لەخۆ گرتووە، «جەبار سابیر» لە فارسییەوە وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و مامۆستا «عەبدولکەریم شێخانی» بە کتێبەکەدا چووەتەوە، وەرگێڕی کوردی لە پێشەکییەکی کورتدا کە بۆ کتێبە وەرگێڕدراوەکە نووسیویەتی سەبارەت بە هایکۆ دەڵێت: «ئەم جۆرە شیعرە تایبەتە بە ژاپۆنییەکان و هیچ نەتەوە و کۆمەڵگەیەکی تر شیعری لەم جۆرەی نییە، رەگەزی سەرەکی شیعری هایکۆ گەڕانەوەیەکی پەتییە بۆ سروشت و ژیان لە ناو سروشتدا، ئەمە جگە لەوەی کە نابێت لە سێ کورتە دێڕ تێپەڕ بێت... هاوکات وەرگێڕی کوردی پێی وایە باشترین شاعیرانی ئەم جۆرە شیعرە «باشۆ»یە کە زۆرترین شیعریشی هەیە و لەو کتێبەدا دەیخوێننەوە...» من لەو خوێندنەوە شیعرییەدا هەوڵ دەدەم لە چرکە «شنتۆ»ییەکانی گوزارە نزیک بکەومەوە، «شنتۆ» سروتێکی دێرینی ژاپۆنییە بریتییە لە توانەوە لە نێو سروشت، واتە سروشت بە هەموو لایەن و رەگەزە جوانەکانی، وەک دەشت و دەر و رووبار و دەریا و دەریاچە و دار و درەخت و گوڵ و گوڵشەن و بەفر و باوبۆران و ئەستێرەکان،.... هتد لە لایەکی تر کورتە شیعری هایکۆ هەڵگری جۆرێک لە ریتمی تایبەتە، ریتمێک پابەندی چرکەساتەکانی ژیانی نێو جوانییەکانی سروشتە، سەرەڕای وێنەی دەگمەنی شیعری خۆپاراستنی هایکۆنووس لە سۆز و هەڵچوونی خودگەرایی، واتە زۆر جار هایکۆنووس

هەوڵ دەدات لە ڕێگەی- زن-ی بوودایی گوزارە لە دیمەنە شاراوەکانی سروشت بکات و لە چرکەیەکی هەنووکەییدا زەینی خۆی لە سەرجەم زانینە کەڵەکەکراوەکان بەتاڵ بکاتەوە و بەشێوەی شنتۆ لە نێو ڕوحی سروشتدا بتوێتەوە، چونکە کورتە شیعری هایکۆ خوازە و درکە و لێکچواندن نازانێت و بیرۆکە یان هزری شیعری ڕاستەوخۆ دەرنابڕدرێت، بەڵکو لەمیان زنجیرەیەک دیمەن و وێنەوە گوزارەی لێ دەکرێت، بۆیە کورتە شیعری هایکۆیی بڕێجار خوێنەر دووچاری. جۆرێک لەسەرسوڕمان و سەرسامی دەکات، هەروەها کورتە شیعری هایکۆیی هەڵگری جۆرێک لە گومانی یا پرشنگی فەلسەفییە، چونکە هایکۆنووس هەموو کات ئەزموونە ئێستەتیکییەکانی لە نێو سروشتدا ئەنجام دەدات، کەواتە ئەگەر شاعیر لە پڕۆسەی نووسیندا وەک فینۆمینۆلۆجییەکی ئۆنتۆلۆجی و هێرمینۆتیکییەکی سیمیۆلۆجی مامەڵە لەگەڵ هەست و ڕوودا و تێمە و کەینونەی زمان بکات، ئاوا لای هایکۆنووس بەهۆی زنی بوودایی و بەریەککەوتنی شەپۆلی هەست و دیمەنی سروشتی ناوکۆییەکانی ڕستە بارگاوی دەکرێن، مەوداکانی شیعرگەرایی چێژ و چەشە بە خوێنەر دەبەخشن

ئەی خودایە چ کش و ماتییەکی وەحشەتناکە
بێدەنگییەکی پەتی، ئەم سەحەرە خامۆشە
لە چرکە هەیوولاییەکانی خەلیفە دەکات،
گەردوون لە بێدەنگییەوە سەری هەڵدا و
بەرەو بێدەنگییەکی سپیش دەگەڕێتەوە
نە لە دەشت و نە لە چیا
جووڵەی زیندەوەرێک نایە
لەم کازیوە بەفرینەدا

چیو- نی

لەم سپێدە سپییەدا

بەفر هەموو شوێنێکی داپۆشیوە، گەردوون سپی دەچێتەوە، ئەم جوانییە سپییە تیشکی خەمگینی لێ دەترووسکێتەوە چ بێدەنگییەکی سپییە خودای من هەتا ناڵەی - گۆیین-یش نابیسترێ!

لەم سپێدە بەفرینەدا

ناڵەی مەلان

نابیسترێ

چیو- نی

لەم سپێدە سپییەدا ئەسپەکانیش بەفریان بەسەرا دابارییوە، ئەم ڕێگایە بە پیادەیی نابڕدرێت..

لەم سپێدە بەفرینەدا

لە ئەسپەکان راماوین

باشۆ

لە نێو عەتری شینی نیلۆفەرە سپییەکاندا رۆژووەکەم شکاند و هەستم بە دڵنیاییەکی پەتی و شادییەکی روحانی کرد

لە نێوان گوڵە نیلۆفەرەکاندا

رۆژووەکەم شکاند

باشۆ

نەمری ئیکسیرێکی سەوزە و تەنیا لە لاسک و پەلکی گژوگیای خەملیودا دەگەڕێ، لە دەسپێکی وەرزی بەهاردا نیگای دیمەنی گەشە و رسکانی سەوزەگیا بکە چەنێ قەشەنگ و پڕ لە راز و نهێنی و روحڕوکێنە

چەندە چێژ بەخشە

بینینی سەوزەگیای تازە

کە سەر دەردێنن

بۆنچۆ

باران دڵۆپ دڵۆپ دەبارێ و گەڵا وەریوەکانی دارستانێکی رووت دەشواتەوە، بەڵام لەبەر ڕێژنەی بارانی بەهاریدا هەموو شتگەل و گیانلەبەرێک جوانە، ئینجانە، گوڵ و ئاسک و سمۆرە و کۆترەباریکە و راکردنی یار بە رووت و قووتی

لەبەر بارانی بەهارێدا

هەموو شتێکی جوان دێتە بەرچاو

چیو- نی

کراسی ئاودامانی- ئۆڤیلیا- ی باڵابەرز لە پەڕەی گوڵی سپییە و فۆتەیەکی شینی لە

تەمی کازیوە لە گەردنی ئالاندووە
گوڵە داودییە سپییەکان
لە کازیوەدا بالابەرزتر
دێنە بەرچاو

یاسن

ژیان هەڵکردنی شنەبایەکی سپی دەکا لە گوڵشەنێکی شیندا
نیلۆفەر ئاسا
ژیانم چەند خێرا تێپەڕی
ئەمڕۆ....؟

موریتاکە

ئازادی سەفەری روحە رووەو پەڵە هەورە شینەکان و سەمای جەستەشە لە نێو مۆسیقای رەنگاوڕەنگی سروشتدا
ئەی کۆللارە
لەگەڵ خۆت بمانبە
کاتێ لە بەند ئازاد دەبی،

تاما

چاوەڕوانی کوشتمی تۆ لە کوێی؟
لە پشت پەنجەرەیەکی گچکەوە
مۆمێک
شەوی بێ پایانی دیدار

باشۆ

خەمۆکی دڵ و دەروونمان دەپرووکێنێ عیشق و جوانی نا
هاوسێکانم
ئەم پاش نیوەڕۆ پایزییەیان
چۆن تێ پەڕاند؟ نازانم

باشۆ

ئای کە گوناهە جوانی بپلێشێنرێت، بەلام بەفری نەو عاشقی پەڕەی زەردی گوڵە، بۆیە

ئاوێزانی دەبێت
بەفری تازە–
گەڵا زەردەکانی نێرگزیان
چەماندەوە
باشۆ
دڵم خەبەری دا ئەم بەیانییە شتێک روو دەدا
قەلەڕەش
کە هەمیشە رقم لێیان دەبێتەوە
لە قەراغ بەفری ئەم بەیانییەدان
باشۆ
ئەی پەیکی شارەزا یار لە بانە..
ئەی هێلکە شەیتانۆکە
بە لووتکەی فۆجیدا سەرکەوە
هێواش هێواش
ئیسا
چەنێ سەلارە یار خۆی لەم دەریاچەی شینی عیشقە پا دەکاتەوە، لەولاش لە کەنار رووبارە وشکبووەکە گوێ بۆ ناڵەی شینە شاهۆ هەڵخە
مەلە ئاوییەکان
زۆر سەنگین دێنە بەرچاو
کە خۆیان لە ئاو هەڵدەکێشن
ئۆنیستورا
ملێۆن ساڵ لە بەردەم سەیرووڕەی ئەبەدییەتدا
لە لەرەی پەڕەی گوڵە نەیلۆفەرێک زیاتر نییە
وەک گوڵی نیلۆفەر
ژیانی من
سەراپا وەک رۆژێک دێتە بەرچاو
مۆریتاکە

نە ئاو ئاگریش روح لە مازووان پاناکاتەوە
بەم ئێوارەیە سپییە روو لە کوێ بکەم؟
سپێدە
بەفر بووە باران
گوناهی نزیکبوونەوەی بەهار

سامپۆ

تەمەن خوناوی سپێدەیە
ئاونگی بەربەیان
بە کەڵکی هیچ نایات

ئایسا

تەلارێک لە ئاو، دەنگی قورینگێک لە تریفەی شین لە باخی سینە رۆژمان کردەوە
لە دەوری کۆشکەکە
لە دەنگی مراویان
رۆژ دەبێتەوە

کیورۆکۆ

بڕوام نەدەکرد ئەو شۆخە باڵا بڵندە بەجێم بێڵێ
ئاه ئەی گوڵی نیلۆفەر
تەنانەت تۆش بەجێت هێشتم

باشۆ

لەوێ لەو ترۆپکە شینە یار خەنەبەندانیەتی
هێشتا سەری ساڵ تەواو نەبووە
چاو دەبڕمە شاخی فیجی

سۆکان

دوا جار مۆنادە شینەکانی گیانیش لە دەست دەدەین
بێ سەفەر و
بێ بەهار،

ئەم سپێدەیەم لە دەست چوو

شیکی

جەستە بە جووڵە وە جوانە

گوڵێک هەڵوەری.

پەپولەیەک دەیباتەوە

شوێنی خۆی

مۆریتاکە

دەبا لە رەنگە سوبحانییەکان رابمێنین

بەبێ پەڕەمووچ

شوڕەبی «با» رەنگ دەکات

ساریۆ

هەموومان بۆ سروشت دەگەڕێینەوە

گلکۆڵەی ساگای رووگەش

لە نێو سەوزەگیای زستاندا

شیکی

بە تەنیا جوانیی شایانی فیداکارییە

لە رۆشناییی رۆژدا

سوور دەچێتەوە

گەردنی کرمی شەوچرا

باشۆ

ئەی خوا، کێ لەم هۆگرییە کوشندەیە دەربازم دەکا

کۆنە گۆمێک

بازدانی بەراز

خوڕەی ئاو

باشۆ

ژیان موسافیرخانەیەکی شینی ئاماڵ نارنجییە

دوا نیوەڕۆیەکی پایزی
بیر لە دایک و باوکم دەکەمەوە
بۆسۆن
جوانییەک دووچاری خەمۆکی کردوومە، جەستەی لە عەترە سپییەکانی سەڵساڵە
دڵم دەگوشرێ
لە جوانی شکۆفەکانی گێلاس
تاتسۆ- جۆ
ئەوەی مەست و سەرسامم دەکا، وڕێنە جوانەکانی شیعرە
مانگەشەوێک
هەرچیم گوتووە
«وڕێنە» بوو
تۆکۆگن
بوونم وابەستەی گەمەی هەورە شەکەتەکانە مەرگم نا
لە قەراغی تاڤگەکە
هەورەکان هاتن
هەورەکان رۆیشتن
بەسەر گەڵاکانی دار ئەفرادا
سۆشکی
بوون لە یارییەکی شین زیاتر نییە
ماسییە سوورە کونجەکان بازبازێن دەکەن
هەورەکان لە رێڕەوی رووبارەکەوە
دەڕۆن
تۆنی تسورا
بوونەوەری مەست خۆی بە دار و بەرد دادەدا
رووباری هاوینە
پردی هەیە

بەڵام ئەسپەکان خۆیان بە ئاوەکە
دەکێشن

شیکی
ئەوەی بگاتە ترۆپکی عیشق لە نێو دەچێ
نە بەهار و
نە هاوین
نەیانتوانی بگەنە هەڵەمووتەکانی فۆجی..

باشیتسۆ
بە دیار کوڵمی ئاڵت مۆسیقای گیان کوشتمی
هەورێ لە گوڵ
دەنگی زەنگێ
لە ئوئەنو، یا ئاساکوز

باشۆ
چێـژی تووتن دڵنیـای کـردم، بوون بـە بێ عـیـشق و جـوانی واتای نیـیـە، بەڵام دەریا جوانترین ترسناک و ترسناکترین جوانە!
لە نەسیمی بەهاردا،
پیاوە بەڕێزە گەمییەوانەکە
پایپەکەی پێ کرد

باشۆ
کـە بە پێـخـاوسـی بە نێـو ئاودا دەکـەوین تەزوویـەکی شین بە گـیـانمان دادێت و هەست دەکەین سەرەڕۆترین موسافیری ئەم گەردوونە بێ سنوورەین..
بە رووباری هاوینەدا تێ دەپەڕم
بەخۆشی
کەوشەکانم لە بن هەنگڵمە

بۆسۆن
کاتێ جەنگ تەواو دەبێ لە نیو گژوگیای زەرد رادەکشێین و پێکی شین هەڵدەدەین گژوگیای هاوینە.

بەجێماون

جەنگاوەرانی ئازا

باشۆ

چریکەی بولبولێک لە دارستانەوە دێ و بیر لە جوانیت دەکەمەوە

بولبول–

لە پشت بییەکانەوە

لە پشت بێشەکانەوە

باشۆ

ئەم شۆخانە عەترپرژێن کەن

هەموو ئەوەی هاتە سەر زمانم ئەمە بوو

ئاه ، ئاه

گوڵە یۆشینۆکان

نیشیتسۆ

ستاینێکی رەش و ئاوێنەیەکی شینم بۆ هێناوی

سەگ بە فرۆشیارە

گەرۆکەکان دەوەڕن

دار هەڵووژەکان دەپشکوون

بۆسۆن

باڵات شمشادێکی تەڕە، منیش فڕندەیەکی دڵ وشکەوەبوو،

دار کونکەرە

بە شوێن دارێکی وشکدا دەگەڕێ

لە نێو گوڵە پشکووتووەکانی گێلاسدا

یۆسۆ

مەستم بە شەرای عەتری شینی جەستەت

سەراسیمەیان کردین

گوڵەکانی درەختێک کە نازانین چییە

به بۆن و بەرامەیان

باشۆ

خەریکە تۆش بەجێم دێڵی

ئاه ئەی پەپووله

ئارەزووت چییه

له وەختی باڵەفڕێدا

چیو- نی

وەره نیگای شکۆفەی ئەم درەختە شینه بکەین

بوودای مەزن

تەنانەت له خەونیشدا

گوڵ و ئاڵتون دەگرێ

ئایسا

ژیان بارستاییەکە له نیگەرانی و نیو بارستاییش له شادی

زەوییەکانم فرۆشت،

بەڵام خەو نەچووه چاوانم

لەبەر قیڕەقیڕی بۆقان

هۆکۆشی

با گەڵا هەڵوەریوەکان رادەماڵێ

گەڵا سوورەکانی پایز

کەمڕەنگ دێنه پێش چاو

له پاڵ کەروێشکەی مەرەزه

کیکۆ- شانی

با گەڵا و پەڕەوەمووچ ئاوێزانی یەکتری دەکا

جێگه باڵی پەڕنده

لەسەر رووی گەڵای سووری ئەفرا

شیکۆ

له كۆتاييدا هەموو گەڵاكان هەڵدەوەرێن
شينيان لێ بترازێ
گەڵاكان
له «با» بپرسن
كامتان يەكەم گەڵا بوون كەوتنە خوار
سۆشۆكی
زەمەن مەينەتەكان كاڵ دەكاتەوە
هەموو گريانەكان تەواو بوون
دەنگێ نييه
جگه له «زيكه»ی زيكزيكه
باشۆ
ئەوە منم له دارستانێكی زەردا
به تاقی تەنيا دەگەڕێم
به درێژاييی شەقام
شتێك بەرچاو ناكەوێت
له من بەولاوە،
لەم پاشنيوەڕۆی پايزدا
باشۆ
كێ دەروەستی ئاژاوەكانی سروشت دێ؟
چاوی هەڵۆيان تاريك دەبن
وەختێك گورگ و مەڕ و
پۆڕەكان دەيكەنە هەرا
باشۆ
تەنيا به زەنگی قەدەر رادەچڵەكێين
لەسەر زەنگێكی گەورە
پەپوولەيەك هەڵدەنيشێ و

دەنوێ

بۆسۆن

سپێدە خۆی لە زەردەپەڕدا شاردووەتەوە

ئەمڕۆش دیسان

خۆر بەسەر گوڵە خەرتەلەکانەوە ئاوابوو

تان تان

سەبەتەیەک دەنکە برنجی شینت بەسەرا

دادەبارێنم، ئەنجا نیگای چاوە زەردەکانت دەکەم

سەرخەوێک دەشکێنم و

وا لە رووباری کوێستانان دەکەم

چەڵتوکم بۆ بکوتن

ئایسا

ئیرۆس پشیلەیەکی رەشی بەرەڵای نێو

جەنگەڵە سپییەکانی سروشتە

پشیلەکە دەخەوێ و بێدار دەبێتەوە

بە باوێشکێکی درێژەوە

بۆ مێبازی دەکەوێتە ری

ئایسا

مرۆڤ بە تەنیایی چێژ لە جوانیی وەردەگرێ و بە تەنیایش دەمرێ

رۆژی سەری ساڵ

وەک هەر دوانیوەڕۆیەکی پایزی

تەنیام

باشۆ

من دەمزانی رۆژێک دادێ لێک دادەبڕێین

دوای رۆژێکی درێژ

بە باوێشک دانەوە

لێک جیا بووینەوە

سۆشۆکی

جوانی هەمیشە فرە ڕەنگە

پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ

لەسەر حەوزە کۆنەکە

بەفر بەسەر مراوییەکاندا باری

شیکی

مەرگ چیرۆکەکانیش هەڵدەوەرێنێ

بێ ئەوەی سپی بن

سیس بوون و وەرین

گەڵاکانی شۆڕەبی

شۆکیو- نی

برێجار باخی خەفەت گوڵی جوانی تیا دەپشکوێ

دنیا پڕ ڕەنجە و بەم حاڵەشەوە

گێلاسەکان گوڵ دەگرن

ئایسا

ئەوەی نوقمی جوانیی بێ ئاشنای مەرگیش دەبێ

پیاوێ کە دەڵێ:

جگەرگۆشەکەم خۆشناوێ

«بێگومان هێشتا گوڵی نەناسیوە»

باشۆ

لە پەنای ڕەنگ و قووڵاییی شوێنە پەنهانەکاندا ئارامییەکی شین هەیە، تەنیا روحی شیعر پەی پێ دەبا،

بەم سوورە هەتاوە

لە قووڵاییی دەریادا

لە قەراغ گۆمی موگامی

باشۆ

فڕین پێوانەی شینیی زەمەنە نیشتنەوە پێوانەی سپی
هۆ راوچی پوشکە بەقنە
ئەمڕۆ ئەو چەند فڕی بوو؟

چیو- نی

ئاسمان مەلەوانگەی فڕندەیە، سەر زەوین ئارامگەی ئەبەدی
سەر زەوی جێ هیشت
قازە کێوی دەگەڕێنەوە

شۆمپا

تۆ بڵێی سپێدە بە تەمەنی زیوینەوە داباریبێت
هەم کێڵگە کە و هەم چیاش
هەردووک تارای بەفریان پۆشی
چی تر شتێک نابینرێ

یۆشۆ

بوونت لە نێو عەتر و رەنگەکانە
کاتێ تۆ رۆیشتی
ئیتر گوڵ لەسەر زەوی نابینم

سۆشکی

رۆژێ دادێ رەشەبا بە تاقی تەنیا سەما دەکات
رەشەبای زستان
خۆر دەخاتە
دەریاوە

سۆشکی

ئەوەی شەیدای کەڤاڵی جوانیی بێت، خەمگینی دای دەڕمێنێت
ماندوو و مردوو
لە گەڕان بە شوێن کوخێک
وەستاوم تا گوڵی لۆبیا ببینم

باشۆ

کراست لە سروەیە و لەشت لە ئاوی شین
سروەی پاشنیوەڕۆ
لۆچ دەخاتە
قاچی ماسیگرە

بۆسۆن

ئێوارە پێی گوتم سپێدە خێرا ئاوڕێ لە کتێبخانەکەت بدەرەوە..
کێ دەمرێ؟
ئاشکرا نییە
زیکزیکەی پڕ هاتوهاوار

باشۆ

ئەو دەمەی جوانییەکان تێک دەئاڵێن سروشت ئاگر دەکاتەوە
غروبی رەنگ شینی ئاسمان،
داری سەروو تریفەی مانگی کردووەتە تابلۆ

رانتسۆ

پەروانە دەوری گوڵێکی شینیان داوە نەچرا
پەپوولەکان هەرگیز هەڵناکەندرێن
بە بای پایزی
جەخار بۆ گوڵە خەرتەلەکان

باشۆ

خۆرکەوتنان لە ژێر بارانی زیویندا جوانتری
کاتی بارانی بەهارە
بەڵام شەو
تریفەی مانگ دارکاژەکان کەوتووە

ریۆتا

چەند جوانی، مانگەشەو کاتێ لەم پەمۆجاڕەدا رادەکەی
وەختی مانگەشەو
لۆکەجاڕ

یەک پارچە گوڵجارێ دێتە بەرچاو

باشۆ

ئەوەی بە قووڵی لە جوانی رابمێنێ دوا جار شێت دەبێ

کۆترە باریکەیەک دەگمێنێ

لە نێو بێشەلانی حەیزەران

من بە دیار مانگەوە هەڵتروشکاوم

باشۆ

بە مانگی تابانی رووخسارت سەرسام و پەرێشانم

«مانگ»ی پایز

رووناک و ورشەدار

بۆ هەموو ئەمانە دەنووسم

شیکی

چەند دڵرەقن ئەو راوچییانە تەیرێکی ئاوییان نەهێشت

بە بینینی گەمییەی راوچییانی قاز

خەمبارم

باشۆ

هەموو جوانییەکان لە جوانییەکی شیندا دەبریسکێنەوە

گەلێک گوند

گوڵ و گیایان نییە و ماسییەکان ناناسن

بەلام هەموویان ئەمشەو مانگ دەبینن

سای کاکۆ

چەند ترسناکە جوانی!

کرمە درەوشاوەکانی شەو

لە رەنگدانەوەی رووناکی خۆیان دەترسن

لە ئاوەکەدا

سۆتە – یۆ

جوانیت لە تەنیاییمدا دادەگیرسێ.

شەوی پایزان
شادم
بە تەنیایی
باشۆ

لە رۆیشتنم دیارە نیگەرانم
بە رێدا دەڕۆم،
سێبەرەکەیشم لە تەنیشتم
لە مانگ دەنوارم
سۆدۆ

ئیستە هەست بە ئارامی دەکەم
کە باران خۆشی کردەوە
دەرد و رەنج سارد بوونەتەوە
لە شاخی ئاساما
سۆدۆ

ژوورێک لە چراخان
لە هەمان ئەو ماڵەی جووتیارەکان نووستوون
تریفەی مانگ و گوڵیان تێدایە
باشۆ

تریفەی مانگ سپی لەسەری دام
ئاسمان ساوە
مانگ و بەفر
هەردووک یەک رەنگن
سۆگتسۆ- نی

دەنگی مراوییە رەشەکان لە دەریای
سپییەوە دێ
دەریا رەش دەچێتەوە
دەنگی مراوییە کێوییەکان

سپی و ماندووه

باشۆ

لەم وێرانەیە بیر لەچی دەکەیتەوە؟

جێی ستایشە کەسێک بیر نەکاتەوە

ژیان تێ پەڕیوە

کاتی سمکۆڵانی رەخش - رۆستەم

باشۆ

ئەمشەو دەروونم شادە و هەموو شتێک جوان دێنە بەرچاو

لە تریفەی مانگەشەودا

تەنانەت مێشوولەکانیش کە لە تاریکیدا دێن و دەچن

جوان دینە بەرچاو

بای شیتسۆ

من دەمزانی رووخسارت لە مانگ دەکا

بێ ماندوو بوون

بە دیار مانگەوە دانیشتووم

نەجارێک نە دووان

کی جین

مردم ئەوەندەی چاو بگێڕم

رێژنە بارانی هاوین

ژنێکی تەنیا

سەیری دەرەوە دەکات

کی کاکۆ

چەند جوانە کەژاوەی شینی هەوران

هەورگەلێک

مانگیان هەڵگرتووە

بۆنجۆ

ئەو لێرە بووایە شادمان دەبووین

کاشکی ئەو لێرە دەبوو
دڵداری توورە و تۆسنم–
مانگی پڕ

ئایسا

مرۆڤی ئاڵۆز بە چاو دەدوێ
لەگەڵ کەسێکدا کە بە ئاشکرا راو بۆچوونی نالێ
دوا نیوەڕۆیەکی خۆشم بردە سەر

هیاکۆچی

تۆ بڵێی رێگەی کاکێشان مەرەزەی لێ کرابێت
شەو
رەنگدانەوەی رێگەی شیر ئاسا
لەسەر گوڵە مەرەزە

ئای زن

بە دوور کەوتنەوەت سێ لە یەکی دڵم مرد
مەگرین حەشەرەکان
چوون تەنانەت ئەستێرە عاشقەکانیش
دەردی دووری دەچێژن

ئایسا

شەوان گەردنت بۆنی شەوبۆی لێ دێ
شەوانی شیرینی بەهار
بە بۆنی گوڵە گێلاسەکان
کۆتاییيان هات

باشۆ

سەرچاوە: هایکۆ. تریفەی مانگ لەسەر دارکاژ. بابەت: شیعری ژاپۆنی. وەرگێڕانی بۆ فارسی: نیکی کەریمی. وەرگێڕانی بۆ کوردی: جەبار سابیر.